دێرین

ژمارە (0) یەکشەممە 2006/8/20
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: بەهرۆز عەلی

# پێشمەرگە زاراوەیەکی فەرهەنگی، ئیرادە، نوێگەری

**بەهرۆز**

بەپێی چەند سەرچاوەیەك،وەك باسی لێوەدەکرێت. وشەی پێشمەرگە کە لەدوو وشەی سادە (پێش) لەگەڵ (مەرگ) پێکهاتووە، واتەپێش مەرگ یاخود پێش مەرگ کەوتن، ئەم زاراوەیە لەلایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەکارهێنراوە، دوای ئەوەی لەساڵی 1946دا ئەو ناوە بۆ سوپای نیزامی کۆماری کوردستان دانرا. کە پاشان بووە بە نازناوێك بۆ شۆڕشگێڕە چەکدارەکانی شۆڕشی کورد لەسەرەتای نیوەی سەدەی بیستەمدا.

ئەم زاراوەیە لەفەرهەنگی کوردیدا خۆی لەخۆیدا جۆرێك لەنوێگەری بەرجەستە دەکات. چونکە پێش ئەوکاتە، واتە پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان‌و پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری‌و بوو، ناوی پێشمەرگە نەبووە، بەواتایەکی تر لەشۆڕشەکانی پێشووتردا. کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات، لەزۆربەیاندا چەکداری شۆڕشگێڕ،یاخود چەنگاوەر یان شەرکەر لەو شۆڕشانەدا بەشداریانکردوە، بەڵام پێیان نەوتراوە پێشمەرگە، لێرەدا دەردەکەوێت. کە زاراوەی پێشمەرگە خۆی لە خۆیدا، نازناوێکی نوێی کردە بەری جەنگاوەری کورد، ئەوەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دروست بوونی کاکڵەیەکی نوێتر و ڕێکخراوترلە بزوتنەوەی چەکداری کوردەواریدا، کە خۆشبەختانە ئێستا بۆتە سوپای نیزامی گەلی کوردستان لەباشوردا.

### پێشمەرگە و نوێگەری

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد وشەی پێشمەرگە، لەنیوە ی سەدەی بیستەم، وەك زاراوەیەکی نوێ هاتە ناو فەرهەنگی کوردییەوە وێرای وەك شێرازەی خەباتێکی نوێتریش لەشۆڕشی کورددا هاتە کایەوە، چونکە لە شۆڕشەکانی پێشووتر هەر لەمیر محەمەدی ڕواندزییەوە تا دەگاتە شۆڕشی شێخ مەحمود، چەکدارو جەنگاوەر لەو شۆڕشانەدا یەشێوەیەکی ئاڵۆز و نارێکخراو لە ناوچەو جوگرافیایەکی بچوکدا بەرگرییان دەکرد.

بەڵام پێشمەرگە لە شۆڕشەکاندا، لە چوار چێوەی خەباتی چەکداری باشتر و زانستیانە ڕێکخران، کەواتەلەروی فۆرمیشەوە، خەباتی پێشمەرگایەتی جۆرێك لە نوێگەری بە خۆوە بینی، بەتایبەتی لەو روە وە کە لە چوار چێوەی بەتالێون و لەشکرو سوپا و تیپ و مەفرەزە و دەستەدا ڕێکخران و دابەشکران، بە پێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشووتر کەچەکدار لە چوار چێوەی، هۆز و تیرە و ناوچەگەریدا، دابەشکرابوون.

### پێشمەرگە و ئیرادە

کاتێك پێشمەرگە وەك هەوێنێکی نوێ لەخەباتی چەکداری، لەسەر ئاستی خەباتی گەلانی دنیادا دروستبووە، ئەو گروپانە ناویان لە خۆ نابوو، پارتیزان یان گەریلا، ئەوەش پەیوەندی بە جۆرو تاکتیکی شەرکردنەوە هەبووە.

پارتیزان و گەریلاکانی گەلانی تری ژێردەستە لەجیهاندا، وەك ڤێتنام، نیکاراگوا، ئەرجەنتین و وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتین (ناوچەی کاریبی) ئەو جۆرە شەرکردنانەیان کردبووە مۆدێلێکی دیار لەو سەردەمەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەگروپە پارتیزانەکانی ئەو گەلانە یارمەتی لۆجستی جەنگییان لە یەکێك لەوڵاتە بەهێزەکانی تر وەرگرتوە، تا ئەوکاتەی وڵاتەکەیان رزگارکردوە.

بەڵام بە بەراورد لەگەڵ پێشمەرگە، دەبینین پێشمەرگە هیچ یارمەتیەکی لەو جۆرەیان نەبووە، یاخود وڵاتێکی بەهێز پشتگیری نەکردوە ئەوەی کردویانە، بەخۆ ڕاگری و ورە بەرزی و فیداکاری خۆیان بووە، تا ئەمرۆ لەباشووری کوردستان توانیان، ئەو ئازادییە بەدەست بهێنێت.

### پێشمەرگە لەمرۆدا

گەرچی پێشمەرگە زاراوەیەکە زیاتر بۆ قۆناغی شۆڕشی چەکدارانە داتاشراوە، بەڵام ئەمرۆ لەسەردەمی ئازادیداین و لەباشووری کوردستان، لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عێراقی فیدراڵ هاوپشکین لەدەرکردنی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت کەتیایدا پێشمەرگە لەفۆرمی هێزێکی نیزامیدا ئەرکەکانی جێبەجێدەکات. کارەکەی لەتەکنیکی پارتیزانی گۆڕا بۆ جەنگی بەرەیی یاخود نیزامی، مەبەستی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە کە بەسەر شێوەی ئەرك و کاری پێشمەرگەدا هاتووە ناوی پێشمەرگە بگۆڕێ، یاخود دەگونجێت ناوی پێشمەرگە لە سوپاو هێزێکی سەربازی بهێنرێت، کە خاوەنی یەکەو بەشی سەربازی بێت، وەك هێزی پیادە دژەهەوایی‌و ئالیەت و هتد...

بەڵام دەشێت ناوی پێشمەرگە لەهێزی نوێی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی سوپای عێراقدا بنرێت، چونکە دەشێ سەربازێك کە لەپێناو نیشتمانەکەیدا خۆی بەخت بکات و یاخود مەرگی وەپێش بخات، پێیی بووترێ پێشمەرگە.

# پێشمەرگەی نوێ‌و گەشەپێدانی کوردستان

New Peshmarga & Kurdistan Development

**موسا محەمەد***

### ئاماژە

دەستکەوتەکانی گەلی کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی خوێنی پربەهای شەهیدان‌و خەباتی پێشمەرگەو بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردە. پێشمەرگە بنەمای پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی کوردو پێکهێنەری کیان‌و بڕیارگای ئەمڕۆی کوردستان بووە.

هێزی پێشمەرگە، وزەو هێزی گەل‌و نیشتمانی کوردە، سەرکەوتنی ئێستای نەتەوەی کورد لەجیهاندا بەهۆی تێکۆشین‌و نەسرەوتی پێشمەرگە بووە.

لەلایەکی ترەوە پێشمەرگە بەرەی نویخوازی‌و گۆڕانکاری کۆمەڵگای کوردی بووە، واتا گۆڕانکارییەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی لەسایەی خەباتی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەدەست هاتووە. بەڵام گۆڕان خۆی لەگۆڕان دایەو جیهان بەردەوام لەگۆڕانە، ئەوەی کە نەگۆڕە، گۆڕان((Change))ـە، واتا بیرو هزرو ئایدۆلۆژیاو تەکنەلۆژیای جیهانی هەمیشە لەگۆڕان بەرەو چاکە دەڕوات. ئاڵوگۆڕ لەپێناوی باشتر کردنی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری فاکتەری سەرەکی پێشکەوتنی نەتەوەکانی جیهانە، لەم پێناوەدا هەر پارت‌و ڕێکخراوەیەك کە گۆڕانکاری بەرەوچاکە بەشێ لەبیرۆکەو سیاسەتی بێت، دەستکەوت‌و بەرهەمی گونجاوتری بۆ ئەم سەردەمە دەبێت.

واتا بەگۆڕانکاری لەبیرو هزرو ڕێکخستن‌و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا هەم دەستکەوتەکانی رابردووو‌ئێستا دەپارێزێت، هەم پێگەی پێشمەرگە لەکۆمەڵگادا دیاردەبێت، هەروەها ڕۆحی پێشمەرگایەتی لەجیلی نوێ‌و جیلەکانی ئایندە بەهێز دەبێت. لەم پێناوەدا پێشمەرگە ڕۆڵی گرنگی لەگۆڕانکاری کۆمەڵگای کوردی بەگشتی‌و باشوری کوردستان بەتایبەتی هەیەو گەشەسەندن‌و گەشەپێدانی کوردستان خێراتر دەبێت‌و ئایندەیەکی ڕووناك بۆ نەتەوەی کورد مسۆگەر دەبێت.

### پێشمەرگەی نوێ و گەشەپێدانی کوردستان

ئێستا کوردستان لەبەردەم ئاڵوگۆڕێکی مەزن دایە، دیاردەی بەجیهانی بوون Globalization)) ))و ئاڵوگۆڕ لەرۆژهەڵاتی ناوەراست هێمایەکە بۆ نەتەوەی کورد کە نەکەوێتە بەر شاڵاوی گۆڕان‌و هەلەکانی لەدەست نەچێت، بەڵکو نەتەوەی کورد ئەبێ لەناوەندی گۆڕاندا بێت، وپێشمەرگە ناوەڕۆکی گۆڕان‌و چاکسازییە.

گەشەپێدانی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کوردستان لە پێناوی داین کردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاولاتیان تاکو کورد وەکو نەتەوەیەك لەئاستی جیهانیدا بەرهەمێکی هەبێت‌و بۆ گەلانی جیهان بیخاتە روو. ئەو بەرهەمە جۆرەکانی کالا و خزمەتگوزاری، زانست، تەکنەلۆژیا، پرۆژەی سیاسی‌و فەرهەنگی کتێب دەبێت، واتا نەتەوەی کورد ئەبێ لەجیهاندا پێگەی هەبێت.

پێشمەرگە ئەتوانێت رۆڵی بەرچاوی لەبەدەست هێنانی ئەم ئامانجەی نەتەوەی کورد دابێت. بۆ ئەم مەبەستە پێشمەرگە بنەمای گەشەپێدان دەبێت. پێشمەرگە دێرینەکان‌و پێشمەرگەی ئێستا دەتوانن بەگۆڕانکاری لەبیرو هزرو شێوازی کارگێڕی‌و بەڕێوەبردن، بناغەی گەشەپێدانی کوردستان بن.

پێشمەرگە دێرینەکان‌و پێشمەرگەی ئێستا دەتوانن بەگۆڕانکاری لەبیرو هزرو شێوازی کارگێڕی‌و بەڕێوەبردن، بناغەی گەشەپێدانی کوردستان بن

### تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و پێشمەرگەی نوێ*

گۆڕانخوازو گۆڕانکاری: پێشمەرگەی نوێ بەردەوام گۆڕانکاری لەخۆی‌و خێزان‌و کۆمەڵگا دەکات‌و لەگۆڕان مەترسی نییەو گۆڕان بەهەڵ دەزانێت بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتی نەتەوەیی.

1-**زانستخواز**: پێشمەرگەی نوێ، زانست‌و تەکنەلۆژیای نوێ وەکو ئامێرێك بۆباشترکردنی ژیانی نەتەوەو پارت‌و خۆی دەزانێت. ئەگەر تەنانەت خۆیشی نەتوانێت ئاستی زانستی خۆی بەرزبکاتەوە، خێزانی خۆی‌و هاوخەباتەکانی‌و کۆمەڵگا بۆ فێربوونی زانستی سەردەم هان دەدات‌و لەخورافات‌و بابەتە نازانستییەکان دووریان دەخاتەوە.

٢-**بیرۆکەی سیستەمی**: پێشمەرگەی نوێ بیرو هزری سیستەمی هەیە، واتا کۆمەڵگا وەکو سیستەمێك سەیر دەکات کە توخم‌و ئەندام‌و مرۆڤی جیاوازی هەیەو هەموو ئەندامان ئەرکی تایبەتیان هەیە، هەروەها هەموو ئەندام‌و مرۆڤێك چ لە حزبی خۆیدا یاخود لەکۆمەڵگا توانایەکی هەیەو هەموو پێکەوە دەتوانن بەئامانج بگەن‌و کێبەرکێ((المنافسە))ی شەریفانە ڕێگەی گەشەپێدانی کۆمەڵگایەو بەهێزکردنی تاکەکەس‌و پێشمەرگە لەپێناوی سیستەمی .بیرکردنەوەیە

٣-**ڕێك‌و پێکی**: ڕێك‌وپێکی لەکات‌و کات ناسی‌و پەیمان‌و بەڕێوەبردندا رۆڵی سەرەکی لەنوێ بوونەوەدا هەیەو پارت‌و حکومەتیش بەرەو پێشکەوتن دەبات.

٤-**ڕەفتاری دیموکراتیك**: پێشمەرگەی نوێ‌و مرۆڤی نوێ بەردەوام لەبەردەم رەخنە دایە. قبوڵکردنی رەخنەو چاکسازی هەمیشەیی تایبەتمەندی سەرەکی پێشمەرگەیە، چونکە پێشمەرگە بۆچاکسازی نەتەوەکەی تێدەکۆشێت‌و ئەبێ پێش لەخەڵك لەخۆیدا چاکسازی بکات‌و بیروڕای جیاواز، توانای جیاوازی مرۆڤییەو تواناکان ئەبێ بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا وەگەربخرێت. مافی مرۆڤ لەهەموو کاتێکدا لەبەرچاو بگیرێت‌و بەدادوەری بریار بدات. هەروەها مافی یەکسانی ژن‌و پیاو لەکۆمەڵگادا بۆ پێشمەرگەی نوێ گرنگە.

پێشمەرگەیەك یان حیزبێك بەو تایبەتمەندیانەو، پێشمەرگەی نوێ‌و سەردەمی چەرخی((21))ـەو پێشرەوی گۆڕان‌و گەشەپێدانی کوردستانە.

**دەرەنجام**:

پێشمەرگە سەرمایەی مێژوویی‌و شورشگێری کوردستانەو دەستکەوتی پێشمەرگە دێرینەکانە، شوناس‌و پێگەی گەلی کوردیان دیاری کردوە، بەڵام لەم سەردەمەو لەئێستای جیهاندا، گۆڕانکاری‌و گۆڕانخوازی بەرەوچاکەو باشتر بوون بنەمای پاراستن‌و بەهێزکردنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد بۆ ئەم مەبەستە، خوێندن‌و فێربوونی زانست، توێژینەوەی زانستی‌و بیرکردنەوەی بەردەوام بۆگۆڕانکاری پێویستی ئەم سەردەمەیەو پێشمەرگەی نوێ فاکتەری بنەڕەتی گەشەپێدانی کوردستانە.

پێشمەرگەی نوێ نوێکاری‌و چاکسازی دەستکەوت‌و بەرهەمی باشتر گەشەپێدانی کۆمەڵگا شارستانیەتی نوێ.

**پەراوێز**

مەبەست لەپێشمەرگەی نوێ، پێشمەرگە دێرینەکان‌و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستانن کە نوێخوازی و گۆڕانکاری بەرەو چاکەی خۆیان‌و پارتەکەیان‌و کوردستانیان لەلا گرنگە.

*مامۆستای زانکۆی سلێمانی
senendejy@yahooo.com

# کۆچ‌و هۆکارەکانی

**کاکەعەبە**

دیاردەی کۆچکردن، یاجێهێشتنی زێدی باوباپیران، هەر لەکۆنەوە هەبووەو هەر دەشبێت‌و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە.

لەمێژوودا سەدان فەیلەسوف‌و زاناو ئەدیب‌و شاعیرو هونەرمەندی گەورەو پیاوانی ئاینی هەریەکەیان لەژێر فشارێکدا سەری خۆیان هەڵگرتووەو ڕوویان کردۆتە ئەو شوێنەی کەمەڵبەندی زانست‌و زانیاری بووە، لەوێ لەسەرچاوەکانی ماریفەتەوە نزیك بوونەو خۆیان پێگەیاندووە، یا ئەوێندەرێیان کردۆتە دوا مەنزڵگەی خۆیان‌و بەئازادی تێیدا ژیاون‌و بەخەونەکانی خۆیان شادو سەرفراز بوون، تاکۆیایی تەمەن ژیانیان لەوێ بەسەر بردووە.

ئەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین (رۆژهەڵاتی ناڤین-کوردستان)، جاران تەنیا بەچکەمیرو بەگزادەو ئاغاو شێخزادەو کورە دەوڵەمەندو خواپێداوەکان کەدەسەڵاتدار بوون، دەیانتوانی بەمەبەستی گەشت‌و گوزارو کەیف‌و سەفاو رابواردن، نیمچە گەشتێك بکەن، یابەنیازی خوێندن بۆبەدەستهێنانی پلەی بەرزی وەك، دکتۆری، ئەندازیاری، پارێزەری لەیەکێك لەزانکۆکانی دەرەوەی وڵات دەچوون‌و پاش چەند ساڵێك هەریەکەیان بە بروانامەیەکەوە دەگەرانەوە، بەمەبەستی دەوڵەمەند بوون، ئۆفیسێك یان کلینیکێکی دەکردەوەو ئەم دیاردەیە هەر ئەوان بۆخۆیان پاوانیان کردبوو، کەچی بەچکە هەژارو نەدارەکان، لەم گەشت‌و گوزارو خوێندنانە بێبەشبوون.

پاشان قۆناخێکی تازە هاتە پێشەوە بەتایبەتی دوای دارمانی شۆڕشی ئەیلول، ژمارەیەکی زۆر لەپێشمەرگەو کادیرانی بەخۆیان‌و خاوخێزانیانەوە کە گەرەکیان نەبوو بگەرێنەوە ژێر چەپۆکی رژێمی بەعس، کەوتنە وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران، کەچەندێکیان لەوانە توانیان بەهۆی چەند رێکخراوێکی مرۆڤدۆستەوە بگەنە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا، کەئەوانە زۆربەیان لەخانەوادە هەژارو کەمدەرامەتەکان بوون، لەوێ رۆژێوە هاوکێشەکە بەدیوێکی دیکەدا شکایەوە، واتە ئەم پاوانکردنە لەژێردەستی خواپێداو پارەدارەکان هاتە دەرەوە، ئەو کۆچ پێکردنە بەناچاری‌و زۆرەملێیە فاکتەری سیاسی لەپشتەوە بوو. دوای شکستی کاتی (1988)ی شۆڕشی‌نوێی گەلەکەمان، خەڵکێکی زۆر لەئێرانەوە بەرەو دەرەوە کۆچیان کرد، بەتایبەتی ئەو شۆڕگێڕانەی شۆڕش ماندووی کردبوون.

دوای ڕاپەرینی بەهاری (1991)، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئابلوقەی ئابووری خستە سەر رژێمی سەدام‌و ئەویش لەلایەن خۆیەوە دوای ئەوەی کوردستان بەبریارێکی نێودەوڵەتی کرایە ناوچەی پارێزراو، لەدوولاوە ئابلۆقە خرایە سەری، کەیەکێکیان نێودەوڵەتی وەك بەشێك لەعێراق، ئەویتریشیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە، کەوای کرد گرانییەکی بەرباد و لەرادە بەدەر هەموو کوردستانی گرتەوەو ژیان‌و گوزەران‌و پارووی نان پەیداکردن هەروەکو پەندە کوردییەکە دەڵێت ((کەوتە قورگی شێرەوە))، گەلێك سەخت‌و دژوار بوو، هەموو خێزانێك خوازیاری ئەوە بوو کەسێکی لەهەندەران بوایە تاکو کەمێك ئاڵوگۆڕ بەسەر گوزەرانیدا بهاتبایە، بۆیە بۆجارێکی دیکە دیاردەی کۆچکردن سەریهەڵدایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەك بوو بازاری قاچاخچییەکان جموجۆڵی زۆری تێکەوت‌و هەر بابایە بوو چی شك دەبرد لەپارەو پول‌و فرۆشتنی خانوو، زێرو ئاڵتونی منالەکانی‌و ئۆتۆمبێل، یاقەرز لەکەس‌و کارو دۆست ناسیاو کۆڵەکەی لێکدەناو خۆی دەدایە دەست قەدەرو قاچاغچییەکان، ئارەزووەکە هێندە بەهێز بوو، دەوڵەمەندەکانیش خۆیان لەبەری نەگرت، رێگەی هات‌و نەهات، مان‌و نەمان، برینی هەزاران کیلۆمەترو پەرینەوەی چۆم‌و رووباری بەخوورو دەریاچەی مەنگ‌و برسێتیی‌و هیلاك بوون، دەرەقەتی پەشیمان بوونەوەیان نەدەهات، لەوسەفەرە چارەنووس نادیارەی هەندەراندا دەیان نازداری تەمەن بەهاری‌و منالی سەربێشکەو گەورەتر، بوونە قوچی قوربانی‌و بێسەروشوێن بوون، کەهەندێکیان ناوسکی ماسیە گەورەکان بووە گۆڕیان، بەشێکی باشیش لەو خەڵکانە گەیشتنە شوێنی مەبەست، دوای عەیامێك کەوتنە کاروکاسبی‌و پارە پەیداکردن‌و ناردنەوەیان بۆکەس‌و کاریان، کە تارادەیەك گۆڕانێکی باش بەسەر ژیان‌و گوزەرانیان داهات‌و پارەیەکی واش وەکو دراوی قورس کەوتە بازاری کوردستانەوە، زەوی، خانوو، دووکان،..هتد کردران، هەر ئەو کۆمەك‌و پشتگیرییەش بوو کەوا دەیان گرفت‌و کێشەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی‌وچەندین نەخۆشی دەروونی لەو خەڵکە دوور خستەوە، کەهەندێك جار ئەو کێشانە چەندین کارەساتی گەورەی بەدواوە بووە. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کۆچەی دوایی زیاتر ئابووری بوو کەرژێم بەهەموو شێوەیەك هەوڵیدەدا کۆمەڵگا بەرەو فەسادی ببات.

دیاردەی کۆچ بۆ هەندەران هەر تەنیا لەو بەشەی کوردستانی لای خۆمان نەبوو، بەڵکو لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان‌و دونیای سێ وڵاتانی تازەگەشەسەندووش هەمان کێشە لەئارادا بوو، رژێمە داگیرکەرەکانی تری کوردستان فشارێکی زۆریان خستبووە سەر گەنجەکان‌و بەتایبەتی لەرووی سیاسی، کەئەوانیش بەرنامەی کۆچکردنیان لا هەبوو، بەشێکی باشیان لەدەرەوە بوون، بەڵام جیاوازییەکە لەگەڵ ئەوەی لای خۆمان لەوەدابوو، لە(95%)ی گەنجی لای خۆمان بەمەبەستی ئابووری‌و دابینکردنی پارەو پول‌و ناردنەوەی خەریکی کارو کاسبی بوون، کەژمارەیەکی زۆرکەمیان دەرفەتی خوێندنیان بۆ رەخسا.

دوای روخانی رژێمی بەعس، ماوەیەك دیاردەی کۆچ هێور بوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەو هێور بونەوەیە زۆری نەخایاند، ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو دووبارە بازاری قاچاخچییەکانی گەرم کردۆتەوە، قاچاخچیە قۆڵبرەکان لێرەو لەوڵاتانی دەوروبەر هاتونەتەوە ناو گۆرەپانی مامەڵەکردن بەچارەنوسی لاوان‌و دادۆشینی کەس‌و کارو روتکردنەوەیان، ئەمجارە هەر بەتەنیا هۆکارەکە ئابووری‌و سیاسی نییە، بەڵکو بێ ئومێدی لاوان لەدەسەڵاتی کوردی، بێکاری، ئەوهۆکارانەن لەتەك نادیاری بارودۆخی عێراق بەگشتی‌و کوردستانیش وەك بەشێك لەو وڵاتەو رۆژ لەدوای رۆژ تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە وای لێهاتووە بازار لەلایەن چەند جەردەیەکی مافیا_ئاساو دەوڵەمەندو قۆڵبڕەکان ئەوانەی کۆنترۆڵی هاوردن‌و ساغکردنەوەی کالاو شتومەکەکانیان کردووە، یاری بەچارەنووسی خەڵك لەبەرزبوونەوەی نرخی شتومەك‌و کالاسەرەکیەکانی وەك خواردن‌و جل‌و بەرگ دەکەن، بەتایبەتی نەبوونی کارەباو سوتەمەنی، بەرز بوونەوەی کرێی خانوو کەوای کردووە گەورەترین کێشە لەو وڵاتە هاوسەرگیری بێت، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکاران لەزانکۆو پەیمانگاکان دەردەچن‌و ئەگەر چانس یارو یاوەری بێت دابمەزرێت موچەیەکی کەمی بۆ دیاری دەکرێت، کەهێندە کەمە بەشی هیچی ناکات، چ جای هاوسەرگیری‌و خۆبنیاتنان، لەهەمووشی خراپتر هیچ خەمخۆرێك یادەزگایەك نابینرێت لەمشوری ئەوەدا بێت، توێژینەوەیەك یا بەدواداچونێك بکات، تاکو فریای ئەو خەڵکە بکەوێت لەو گرفتانە دەربازیان بکات.

رۆژانە ئەو خەڵکە بەبەرچاوی خۆیەوە زۆر بەزەقی ئەو نایەکسانییە کە خوڵقاندویانە، ستافێکی تازەیان لێ دروستبووە، تەنیا بەدەفتەر قسە دەکەن‌و لەدەفتەر کەمتریش حەددی نیە خۆی بکات بەگیرفانیان، ئائەوانە یان ئەوەتا دەسەڵاتدارانن یا بەشێکن لەوان‌و لەهاوکێشەکەدان‌و لەگەمەکانیان نزیکن. بەحوکمی نزیکی پێگەیان لەدەوڵەت ئەمرۆ بوونەتە مینی ملیۆنێر ئەگەر زەبەلاحتر نەبن.

ئەوە لەو گەندەلییە بگەرێ کە ئێستا وەك ئافاتێك هەموو دەزگاکانی تەنیوەتەوەو ئاسەواری ئێجگار ترسناکی خۆی لەسەریاندا جێهێشتووەو رۆژ لەدوای رۆژ تادێت زیاتر خەڵك قێزی لێدەکاتەوە.

بۆیە دیاردەی کۆچ بەو بێئومێدیەی ئێستا هەیە، رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو زیاترو زیاتر دەروات‌و سوتەمەنیەکەشی تەنیا لاوانن کە داهاتووی ئەو وڵاتە بەوانەوە بەندە.